## یاسا و ڕەوایەتی

لە دەڤەری ئالتا، لە باکوری نەرویج، دزێک دەچێتە سەرماڵێک و ئەوەی دەتوانێت دەیدزێت، لەوکاتەی کە دەیەوێت بە ئۆتۆمۆبیلەکەی لە شوێنەکە هەڵبێت، کابرای خاوەنماڵ پێدەزانێت، بەپەلە دەچێت تراکتۆرەکە (شۆڤلەکە)ی دەخاتە کارو بە چەنگاڵی تراکتۆرەکەی پێشی ئوتۆمۆبیلی دزەکە بەرز دەکاتەوە. دزە لە ئۆتومۆبیلەکەدا ناتوانێت دەرباز بێت. ئەم کارە بۆ ماوەی 45 خولەک درێژە دەکێشیت، ئەویش ئەوماوەیە بوو، کە پۆلیس تێیدا دەگاتە شوێنی ڕووداوەکە، دزە دەستگیر دەکرێت. شتە دزراوەکانیش دەدرێنەوە بە خاوەنەکەی.

زۆربەی خوێنەرانی هەواڵەکە لە ڕێگەی ئیمەیل و فەیسبوکەوە کابرای خاوەنماڵیان بەقارەمان وەسفکرد، کە چاونەترسانە ماڵ و سامانی خۆی پاراستووە. بەڵام پۆلیس هەر کە چوونە شوێنی ڕووداوەکە، نەرمەڕەخنەیەکیان لە کابرای خاوەن ماڵ گرت کە نەدەبوایە ژیانی خۆی و ژیانی دزەکەش بخاتە مەترسییەوە. جارێکی دیکە خوێنەرانی ئەو بابەتە لە ڕێگەی ڕۆژنامەکە و بەئیمەیل پاڵپشتی خۆیان بۆ کابرای خاوەن ماڵ دەربڕییەوە.

تا دواجار پرۆفیسۆرێکی یاسایی کە لە زانکۆی ترۆمسۆ، باکوری نەرویج، ڕەخنەی لە کابرای خاوەن ماڵ گرت و گووتی: «نەدەبوایە ژیانی خۆی و ژیانی دزەکەی بخستایەتە مەترسییەوە، مرۆڤ نابێت لەپێناوی ماتریاڵدا ژیانی هیچ مرۆڤێک بخاتە مەترسییەوە».

ڕەخنەی ئەم پرۆفیسۆرەی یاسا، وەک پاڵپشتییەک وابوو بۆ پۆلیس. ئێستا پۆلیس بەنیازە، کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ خاوەنماڵەکەدا دەستپێبکات.

(ڕۆژنامەی VG، ڕۆژانی 15 و 16 و 2011/7/17 )

**با چەند پرسیارێک لەسەر ئەم بابەتە بهروژێنین:**

- ئایا دزیکردن ڕەوایە؟
- گەر پێویستمان بە شتێک (هەرشتێک) هەبێت دەتوانین بیدزین؟
- گەر نەمانتوانی یان، پارەمان نەبوو ئەو شتەی دەمانەوێت بکرین، ئەوکاتە دزی ڕەوایە؟
- گەر ئەو دزینە لەپێناو مانەوە (ژیان و مردنی) خۆمان، یان مرۆڤێکی دیکەدا بێت هەر ڕەوایە؟
- گەریەکێک پێویستی بەشتێک بێت و داوا لە ئێمە بکات، ئێمەش ئەو شتەمان نەبێت و پارەشمان نەبێت بۆی بکرین، ئایا ڕەوایە بچین ئەو شتەی بۆ بدزین؟
- ئایا کابرای خاوەن ماڵ مافی خۆی نیە پارێزگاری لە ماڵ و سامانی خۆی بکات؟
- گەر ئەو پارێزگاریکردنە، ژیانیشی بخاتە مەترسییەوە، هەر دەبێت بیکات؟
- گەر کابرای دز هێرشی بکردایەتە سەر خاوەن ماڵەکە و برینداری بکردایە، یان بیکوشتایە، کارەکەی ئەویش نەدەچووە ڕیزی کاری خۆ پاراستن و داکۆکیکردن لە خۆ؟
- ئایا پاراستنی ماڵ و سامان مافێکی ڕەوایە؟
- گەر پاراستنی ماڵ و سامان بێتە هۆی ژیان لەدەستدانیش هەر ڕەوایە؟
- ئایا ئەو پرۆفیسۆرە لە ترسنۆکییەوە، یان لە زانایی و تێگەیشتنیەوە لە یاسا و ماف، ڕەخنەی

له خاوەن ماڵەکە گرتووە؟

- ئەو کەسانەی کە هاوسۆزی و پاڵپشتیان بۆ خاوەنماڵەکە دەربڕیوە، لەئەنجامی ئەوەدا بووە، کە ئەوان ڕەوشت بەرزن و دژی دزین، یان لەبەر پەرۆشیان بووە بۆ شتی ماتریاڵی ماڵ و سامان؟

- ئایا کەسانێک پلەی خوێندەوارییان و ئاستی ڕۆشنبیریان بەرز بێت، باشتر لەکەسانی ئاسایی له ماف و یاسا دەگەن؟

- ئایا، یاسا گشت لایەنەکانی بابەتێک، یان هەست و سۆز و پێداویستی گشت مرۆڤەکان لەبەرچاو دەگرێت؟

- ئایا پۆلیس دەبێت بەهەمان شێوەی خاوەنماڵەکە، ژیان و مافی دزەکەش بپارێزێت؟

- گەر هەرکەسێک دزی لێکرا، یان تاوانێکی بەدژکرا بۆ خۆی دز و تاوانکارەکە بگرێت، ئیدی پێویستمان بە یاسا و پۆلیس و زیندان هەیە؟

- پێویستە ژیانی خۆمان و کەسانی دیکە لە پێناو پارە و سامان و شتە مادییەکاندا بخەینە مەترسییەوە؟




- وێنەکە و بابەتەکە لە ڕۆژنامەی VG لە 2011/7/18 وەرگیراوە